www.kurdistannet.org
2-2-2006 13:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمان خەنجەرێکی ژەهراویە لەکوردو ئیدارەکەی ئەدرێ وە دابەش کردنی کوردوستانە دوای یەک بوونەوەی دوو ئیدارەکە ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

زۆردەمێك بوو چاوەروانی بانگەوازی یەك گرتنەوەی دوو ئیدارەکەی بادینان وسۆران بووین، وەچاوەروانی ئەوەئەکرا جەماوەری کوردوستان بەبۆنەی یەك گرتنەوەی دووئیدارەکە دەستیان بکردایە بە ئاهەنگ گێران بەڵام دووئیدارەکە یەکی گرتەوە وەزۆر دلخۆش نەبوو بۆجەماوەر لەبەر ئەوەی زۆر کەم وکوری تیا بەدی ئەکرێ، وەهەتا ئیستاش لەراگەیاندن و میدیاکانا هەر ئەلێن (ئیدارەی سلیمانی و ئیدارەی هەولێر) وە ئەم کارەش ئەگەرێتەوە بۆ لێ پرسراوان. کوردوستانیان هاواری یەك پارچەیی خاکی کوردوستان ئەکەن.
بەڵام مامەگیان داوای ئۆتۆنۆمی بۆتورکمان ئەکات لەسەر خاکی کوردوستان. کوردوستانیان بەشداریان کرد لەدەنگ دان بۆبەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد و گەرانەوەی شارو شارۆچکە تەعریب کراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردوستان وەجێی سەرسورمانە پێش هەلبژاردن لەلایەن هەردوو پارتی سەرەکیەوە باس لەوەئەکرا دوای سەرکەوتنیان لەهەلبژاردن چی بۆکوردوستان ئەکەن وە هەردووکیان بەیەك دەنگی هەول ئەدەن بۆکوردوستان (وەك یەك گرتنەوەی دووئیدارەوگەرانەوەی کەرکوك و هەموو شارو شارۆچکە داگیر کراوەکان وپێش کەش کردنی خزمەت گوزاری بۆکوردوستان و. . . . . . . . هەتا. . . . )
بەڵام وادەرئەکەوێ یەك
دەنگی نەماوە یاخود رێکەوتنی نێوان هەردوو سەرکردەیە کە لەسەر خاکی کوردوستان ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمان دابمەزرێنن وەبۆیە مامەگیان چەند رۆژێك لەمەوبەر مژدەی دابە تورکمانەکان وەرۆژنامەی نیوئەنازۆلیادا بڵاوکراوەتەوە وەمالپەری www. kurdishmedia. com دوبارە بڵاوی کردۆتەوە کە تالەبانی داوای ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمانەکان دەکات لەچوار چێوەی کوردوستانی عێراق دا. ئایا لەم بانگێشەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردوستان رازیە بەو کارە یاخود ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمانەکان لەناو پرۆژەیاندا هەبوە و بەڵام ئاشکرا نەکراوە. ئەی بۆ مامە کەسەرۆك کۆماری عێراقی بەناو فیدرالیە داوا ناکات لە تلعفەر ئۆتۆنۆمی بدرێ بە تورکمان لەبەر ئەوەی هەرگیزا وهەرگیز عەرەب نایەوێت بستێك لەخاکی خۆی بدات بە نەتەوەیکی تر وەهەر هاواری یەك پارچەیی خاکی عێراق ئەکەن وئەی بەستنەوە بە
وولاتانی عەرەبەوە، وەدلیان بەوەش خۆشە کەکورد داوای یەك پارچەیی خاکی عێراق ئەکەن عێراقیش بەشێکە لەوولاتانی عەرەب. وەپێویستە لەسەر هەموو کوردوستانیەك و سەرۆکی هەرێم بە ئاشکرا دژی ئەم داواکاریە بۆەستن، وە وا دەرئەکەوێ ئەم کارە خەنجەرێکی ژەهراویە لەپشتەوە لە کوردو ئیدارەکەی ئەدرێ وەدابەش کردنی کوردوستانە دوای یەك بوونەوەی دوو ئیدارەکە. .

کوردە راپەرە درنگە واکوردوستان دابەش ئەکرێ ئۆتۆنۆمی لەسەر خاکمان بەتورك ئەدرێ